**ڕاگەیاندنی سەنتەری منالاًن سەبارەت بە دەستوری عێراق**

# داسةثاندني دةستوري ئيسلامي مندالان لة ترازيديادا نوقم دةكات ..!!

**پاش ماوەیەك لە گفتو گۆو هێنان و بردن ، ئەو ڕەشنووسەی کە خرایە بەردەستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ، خەریکە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دەسەپێنریت. ئەو ڕەشنووسی دەستوری عێراقە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەلّ دەستوری پێشوی حیزبی بەعس دا نییە. ئەگەر هەرچی زیاتر بە قولاًیی کۆنەپەرستیدا نەبرابێت ، ئەوا لە مافە ئیسنانی و مەدەنییەکانی خەلّکەوە نزیك نەکراوەتەوە. هەر لەسەرەتاوە بەیەك دێڕ هەموو ئازادییەکان لەخەلّك دەستێنێتەوە و بە یەك ووشە لە قالّبی دەدات" الاسلام دين الدولة الرسمي. ومصدر ..." ئیتر هەموو ئەو خالاًنەی تر کە بەدوای ئەمەوە ڕیز کراون مایە پوچن و بۆ کوێر کردنی چاوی خەلّك و شاردنەوەی ئەو ناوەرۆکە دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەیە هۆنراونەتەوە. لە هەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستانیش لە ڕۆژی 24 ئابدا لەسەر ڕەشنوسی ئەم دەستورە کۆبوونەوەی خۆیان بەست بۆ تاوتۆیٚ کردنی ڕەشنوسی دەستورەکەو بە پیچەوانەی هەموو راگەیاندنو هەرەشەکانی ئەم ماوەیەیانەوە ، زۆر بە خێرایی پەسەندیان کرد.**

**گومان لەوەدا نیە کە لە سایەی دەستورێکدا کە لەسەر بنەمایی ئەحکامی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئیسلامی دامەزرا بێت ، هیچ جێگەو ڕێگەیەك بۆ مافە ئازادیەکانی خەلكو بە تایبەتیش منالاًن ناهێلّێتەوە. دینی ئیسلام ئینسان بە عبد پێناسە دەکاتو لەسەر ئەم بناغەیەش مافەکانی لە قالّب دەدات. مندالان کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ملکەچو کۆیلەی گەورەکانن، دوجار کۆتی عەبدایەتیان لە مل دەکریت. 1500 سالّە منالاًن نەوە لە دوای نەوە ئەمەیان تەجرەبە کردووە ، بینیمان کە ئەم ئاینە چی پێیە بۆ منالاًن ؟! ئەم یاسایەی کە لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام دارێژراوە لێدان لە منالاًن نەك هەر قەدەغە ناکات بەلّکو بە شیوازێکی پێویستی پەروەردەو مەرجێگی بارهێنان دادەنێت ، ئەم یاسایە دەرسە تۆقێنەرەکانی حوجرە تاریکەکان و مزگەوتەکان یاساغ ناکات و بەسەر مندالاندا دەیسەپێنیٚ، سزادانی مندالّ شەرعی دەکاتەوە، ئیتاعەی گەورەکان بەسەر مندالاندا فەرز دەکات، جۆرەها توندو تیژی لە دژی منالانو حیجابی زۆرەملێی منالاًنی کچ وەك هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئاینی ئیسلام و برەوی پێدەدات.**

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە ئاشکرایە ئیتر ئەوانەی کە ئەم دەستورەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ڕوویان بێت نیشانی خەلّکی مەدەنییەتی ئەم سەردەمەی بدەن، ڕوتووشی ئەکەن بە هەندێك ووشەی بریقەدارو بیٚ ناوەرۆك لە جۆری دیموکراسی و مافی مرۆۋ و پاریزگاریو چاودیریو...چی و چی. بەلاًم ئەمانە ئەو قسە بیٚ ناورۆكو پوچانەن کە دەستوری سەردەمی بەعسیشیان پیٚ ڕتووش کرابوو. هەر ئەو دەستورەی کە منالانی پیٚ ئەنفالو کیمیابارنو کۆمەلّ کوژ کرا پڕ بوو لەم فڕوفیشالّە. هەر ئەوەندەی کە دینی ئیسلام بنەمای یاساو دەستور بێت، بەسە بۆ ئەوەی هیچ مافو ئازادیەکی ئینسانو بە تایبەت منالان مانای بۆ نەمێنێتەوە. کەواتە ئیتر یاسا دووبارە یاسای ئەنفالی منالاًنە ، یاسای لێدان و سوکایەتی کردنە بە منالاًن ، و یاسای زیندانی و کارپێکردنی منالاًنە ، کەواتە ئەم یاسایە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە بەعس زیاتر لە 35 سالّ بەوپێیە حوکمی ڕەشی خۆی بەسەرماندا فەرز کرد. لەم نێوەشدا لای هەموو خەلّکی کوردستان و عێراق ئاشکرایە کە یاسای بەعسیش هەروەکو ئەم یاسایە پشتی بە ئیبسلام بەستبوو!!**

**خەلّکی ئازادی خواز... ڕیکخراوەکانی بەرگری کەر لە مافەکانی منالاًن ..**

**ئەرکی هەموو ئێوەی ئازادیخوازە کە بێنە مەیدان بۆ ناکام کردنەوەی ئەم پیلانە لە دژی ئازادی ئینسانو بە تایبەتیش لە دژی مافەکانی مندالان داریژراوە. وەرن بۆ بەرگری لە مافەکانی منالاًن دەنگتان بەرز بکەنەوە. منالاًن بەهۆی کەمی تەمەن و نەبوونی تەجرەبەیان لە ژیاندا ناتوانن بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان بکەن ، ئەوە کاری ئێمە گەورەکان و ڕێکخراوەکانی منالاًنە کە دەبێت لەسەریان وەدەنگ بێین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین، دەبێت لە پێناوی بەرپاکردنی هەلومەرجێك کە گەورەکانو مندالان پێکەوە تیایدا بەختەوەربن ، هەولّ و خەباتمان بەیەکەوە گریٚ بدەین و توندو تۆلّی بکەینەوە ، هەتا یاسایەکی علمانی و پێشکەوتنخواز لە عێراقدا جێگیر نەبێت مافەکانی منالاًن بەدی نایەت ، منالاًن هیچ ئاینێکیان نییە ، منالاًن هیچ کولتورێکیان نییە ، نابیٚ ڕێگە بدرێت بە ئارەزووی گەورەکان ، ئاین و کلوتور بۆ منالاًن دابتاشرێت لە چوار چێوەی یاسایەکی کۆنەپەرستانەی ئاینی و دژ بە منالاًندا.**

نةخَير بؤ داسةثاندني دةستوري ئيسلامي و دذي مافةكاني منالآن


شَيرزاد فاتح

سةنتةري بةرطري لة مافةكاني منالآن

www.santarimnalan.com